# گۆشەیەك لە هەڵسوڕانەکانی ڕێکخراوی کەرکوك



* ڕۆژی 2004/10/13 وەفدێکی حزب سەردانی گەڕەکی ئازادی‌یان کردو میتنگێکی جەماوەریان بەرپا کرد سەبارەت بە هەڕەشەکانی عەجیل یاوەر لە خەڵکی کوردستان، وە بەیاننامەی لیدەری حزب کە سەبارەت بەو هەڕەشانەو بەیننامەی پلنیۆمی چوارەمی حزب سەبارەت بە مافی جیابوونەوەی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا، وچەندین ژمارە لە بڵاو کراوەکانی حزب(ئۆکتۆبەرو الى الامام والشيوعيه العماليه) لە مێز کتابی حزبدا لەلایەن ئەندامانی حزبەوە بەسەر ئامادەبواندا دابەشکرا، وە هەر لەو میتنگەدا کە دەیان کەس لەخەڵکی ئەو گەڕەکە ئامادەی بوون قسەوباس لەسەر زەرورەتی جیابوونەوەی کوردستان‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەلای‌یەن هەر یەك لە زمناکۆ عزیزو ڕەمەزان صابرەوە کرا.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە چەند هاوڕێیەك لە ئەندامانی وەفدەکە هاوڕێیانی عەرەب زمان بوون کە دیفاعیان لەجیابوونەوەی کوردستان‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەکرد بۆ خەڵکی کوردستان، کە جێگەی پێشوازی گەرمی ئامادەبوان بوو، وە داوا کرا لەهەر کەس کە ئامادەی کار کردنی هەیە لەگەڵ لیژنەکانی جیابوونەوەی کوردستان هەیە خۆی ناونوس بکات لە جێگەی تایبەت کە بۆ ئەو کارە تەرخان کرابوو. لەکۆتایی‌دا ئەم تەواجودەی حزب لەو گەڕەکە جێگای پێشوازی گەرمی ئامادەبوان بوو وە داوایان کرد ئەم چالاکیانە بەردەوام بن.

* سەبارەت بەئەزمەی بەنزین‌و ئەو قەرەباڵغیە گەورەیەی کەڕووی کردە بەنزینخانەکان، کە بوە هۆی گرانبوونی نرخەکەی و بەرزبوونەوەی سەدبەرابەر لەنرخە ئەصلیەکەی، ڕێکخراوی کەرکوکی حزب بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ڕێگاچارەی ئەم قەیرانەی تیا بەیان کرابوو، ڕۆژانی 15و16و17-10 گروپێك لە هاوڕێیانی کۆمیتەی کەرکوکی حزب سەردانی چەندین بەنزینخانەی ناوشاری کەکوکیان کردو بەتیراژێکی زۆر بەیاننامەکە بڵاو کرایەوەو لەهەندێ جێگاش کۆبوونەوەی بۆ سازدراو ئینجا خوێندرایەوە، کە محتەواکەی جێگای پێشوازی گەرمی هاوڵاتیان بوو، وە بەو پێ‌یەی کە لەبەیانەکەدا هاتوە کە ئەگەر لەچەند ڕۆژی داهاتودا ئەم قەیرانە چاسەر نەکرێت ئەوا حزب ڕابەرایەتی ڕێپێوانێکی سەراسەری ئەکات بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لەم وەزعیەتەی کە گەندەڵی‌و ناشەرعی بوونی ئیدارەی سەپێنراو لەلایەن ئەمریکاوە خوڵقاندویەتی، کەئەمەش زۆر جێگای پێشوازی سایەقەکان بوو وە تێکڕا لەو جێگایانەی کە بەیانەکەی تیا بڵاو کرایەوە بەڵێنی ئامادەبوونی خۆیان نیشاندا بۆ هەر کارێك کە حزب لە پەیوەند بەم کێشەیەوە دەیخاتە بەردەی‌ستی جەماوەر، شایەنی باسە کە حزب کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق تاکە لایەن بوو کە بەشکڵی ڕەسمی هەڵوێستی ڕۆشنی خۆی لەشکڵی بەیاندا خستە ڕوو، کە دەیان کەس ئاماژەیان بەم ڕاستیەکرد لەکاتی سەردانی گروپەکەی حزبدا. گروپەکەی حزب لە هاوڕێیان هشام و قەحتان ئەندامانی کۆمیتەو ژمارەیەك کادرانی حزب پێك هاتبوو.

* تیمێکی ڕێکخستی حزب لەگەڕەکی هاوپشتی ڕۆژی 2004/10/16 سەردانی چەندین کەس لە ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حزبیان کرد لەگەڕەکی هاوپشتی، کە لەو سەردانانەدا لەسەر بنکەی ئیدارەی گەڕەك کە زیاتر لە دوومانگە لەو گەڕەکە کراوەتەوە بۆ ئیدارەی گەڕەك و ڕێکخستنی کاروبارەکانی خەڵك و پاراستنی ئەمنیەت، وەهاوکات سەبارەت بە سیاسەتەکانی حزب و مەسەلەی بەرگرتن بەشەڕو کێشمەکێشی قەومی کە لایەنە قەومپەرستەکان زەمینەی بۆ خۆش ئەکەن، وە مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستان لەڕیفراندۆمێکی ئازاد، هاوکات سەبارەت بەگرفت و کێشەکانی گەڕکەکەوە قسەوباسیان کرد،تیمەکەی حزب لەگەڵ پێشوازی و پشتیوانی گەرمدا بەرەوڕوو بونەوە، وە زۆرێك لەو کەسانەی کە لە دیدارەکاندا بەشداریان کرد پشتگیری تەواویان لە باسەکان کرد.

* ڕۆژانی 18و19-10-2004 وەفدێکی ڕێکخراوی ئازادی ژن و بێکاران بەشداری "یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی بۆ تاوتوێکردنی تۆڕی بوژانەوەی ئابووری و دروست کردنی هەلی کارکردن" کرد، وەفدەکە لە هاوڕێیان هەیسەم علی لێپرسراوی لقی کەروکوکی یەکێتی بێکاران و محمد عزیز بەنوێنەرایەتی ڕێکخراوی بەرگری لەمافی کەمئەندامان، وە مونا صالح نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن لەکەرکوك، جاسم محمد نوێنەری کۆمەڵەی هاوپشتی و بوژانەوە، پێك هاتبوو. ماوەی کۆنگرەکە دووڕۆژی خایاندو هاوڕێیانی بەشدار بوو پێشنیارو بۆچونەکانیان جێگای قبوڵ و پێشوازی زۆربەی زۆری ئامادەبوان بوو، وە لە کۆتایی کۆنگرەکەدا پێشنیارەکانی هاوڕێیان پەسەند کران.